# ملــوانـــــكـه

سەرهەنگ حەمە ساڵح



که هاتمه لات

لەویٚ نەبـــووی

هەگبەی چەند ساڵەی تەنیاییم

بۆت هەڵرێژم

له درزی پەنجەرەکەوە

ســـــەیـرم کرد

ژوورەکەت بەبیٚ چرا بوو

بەتاسەوە لەبەر دەرگا

بۆم جیٚهیٚشتی

که هاتیەوە... بە هیٚمنی

بەبیٚ چرپە... بگەڕیٚوە

تا دیٚـــــــــمەوە

با حەزە ئەرخەوانییەکانم

وەئـــــاگا نیٚن

بە ئەمانەت له کەشکۆڵی

دڵـــــــتا داینیٚ...

لــــــــەویٚ نەبووی

زامی ســــــــەختی

ئازارەکانی ئەم شەوە

بە پاکیزەیی تۆ

سارێــــــــــژ کەم...

پەیامی ئەو خەونەی

کە دیبــــــــووم

بە ئامێزی رۆحتا شادکەم... !

کە هاتیەوە... بەهێمنی

بەبێ چرپە... بگەڕێوە

تــــــــا دێمەوە

با حەزە ئەرخەوانییەکانم

وە ئـــــــاگانێن

لەوێ نەبـــووی

تــــــــــا گوناهی

خەندە پڕ بەرائەتەکانت

بە فرمێسکی چاوانم

بشـــــــــۆمەوە...

ئەو قەسیدەی بۆم دانابووی

ووشەکانیت بۆ سەر برم

بیکەمە قوربانی ئەم ساتە پیرۆزە... !

کە هاتیەوە... بەهێمنی

بەبێ چرپە... بگەڕێوە

با حەزە ئەرخەوانیەکانم

وە ئـــــــاگانێن

تــــــــا دێمەوە...

دەیکەمە ملوانکەیەکو

لە گەردنت دەئاڵێنم... !

xamosh_s@hotmail.com